

# چراخان قاسم یاریزانی باڵەی یانەی برایەتی:

**تیپی باڵەی یانەی برایەتی لە شـاری كۆیە یەكێكە لە یانە بەناوبانگەكان لەسـەر ئاسـتی عێراق وكوردستان ئەنجامی وەكو پێویست بـووە  خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانایە كە پاشە ڕۆژێكی باش چاوەڕوانی ئەم یاریزانانەیە یەكێك، لەم یاریزانانەش چراخان قاسم لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٧ی شارۆچكەی كۆیەیە.**

***ئاسـتی یاری باڵە چـۆن دەبینی لە شارەكانی كوردستاندا؟**

- ئاسـتی ئەم یارییە لە شـارەكانی كوردسـتان ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە پێشـكەوتندایە و،لەم بڕاوایەشـم ئەگەر گرنگی باش بەتیپەكانی كچان بدرێت ئاسـتیان باشـتر دەبێت، دەتوانن ئەنجام بەدەسـت بهێنین لەسەر ئاستی عەرەبیش.

***بە بۆچوونی تـۆ چی بكرێت باشـە بۆئەوەی ئاسـتی ئەم یارییە پێشبكەوێت و پەرەی زیاتری پێبدرێت ؟**

-گرنگی زیاتـر بدرێت بـە یاریزانەكانی لە ئاسـتی تەمەنـە بچووكـەكان، بۆئەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بكرێتەوە لەگشت شارەكان،هۆڵی زیاتر بۆئافرەتان بكرێتەوە،چونكەئێستا زۆربەی یانەكان هۆڵی تایبەتیان نیە بۆئەوەی پەرە بە ئاسـتی خۆیان بـدەن، ئەگەر بكرێت ڕاهێنەری بیانیش بهێنین ئەوەكارێكی زۆر باشە.

***چۆن بوونە پاڵـەوان لەگەڵ هەڵبژاردەی هەولێر؟**

-ئێمە سـاڵانە بەردەوام مەشق دەكەیـن وەكو یانـە بەڵام كە بۆپەروەردەكانیـش دەسـت نیشانمان دەكەن ئێمە خۆمان ماندوو دەكەین،لەم سـاڵیش بـە شـێوەیەكی گشـتی باش خۆمـان ئامادەكردبوو بۆئەوەی بتوانین ئەنجامێكی باش بەدەست بهێنین،هەموو یاریزانان بە ئاستێكی شایستە وبەیەك دڵ یارییمان دەكرد و توانیمان ئاستێكی بەرز پێشكەش بكەین و ببینە پاڵەوانی خولەكە، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێرش دەكەین كە زۆر هاوكاری تیپەكەمانی كرد.

***كێشەو گرفتان چیە لە یانەی برایەتی ؟**

-بەڕاسـتی سـوپاس بۆدەسـتەی كارگێڕی كە بەردەوام هاوكاریمان دەكەن وپاڵپشـتی یانەكەمان وهیچ كێشەیەكمان نیە، بەڵام ئەگەر بكرێت هۆڵێكی تایبەت بەخۆمان دروست بكرێت زۆر ئاستمان پێشدەكەوێت.

***بۆچی ئافرەت كەم بەشداری وەرزش دەكات لە شارەكانی كوردستان؟**

- بە شێوەیەكی گشـتی زۆر جار ئافرەت حەز دەكات وەرزش بكات هیوای ئەوەی هەیە كەدەتوانی ئەنجامی هەبێت، بەڵام ڕەنگە ڕێگری لێ بكرێت لە ڕووی كۆمەڵگا كە حەز ناكەن وەرزش بكات بە تایبەتی لە خانەوادەكەی،بەڵام ئێمە بەردەوام هاوكاری دەكرێین لەلاین خانەوادەكەمان.

***پەیامت چیە بۆئەو كچانەی وەرزش ناكەن؟**

-وەرزش پەیامی خۆشەویسـتی و ئاشتیە، بەهیوای ئەوەشم هەموو ئافرەتێك بە پێی پێویست وەرزش بكات بۆتەندورستی زۆر باشە.

***هیواو ئاواتت وەكو كچە یاریزانێك؟**

_بەهیـوای ئەوەم لەگەڵ یانـەی برایەتی بتوانم لـە پاڵەوانێتیەكی دەرەوە بەشـداری بكەین وباشترین ئەنجامیش لەسەر ئاستی ولاتانی دەرەوە بەدەست بهێنین،ببمـە یەكێك لە یاریزانە باشـەكانی یانەكەم لـەدوارۆژی خۆم وەكو وەرزشكارێك .

***لەهەڵبژاردەی عێراق داوا كراوی ؟**

-نەخێر بەڵام ئومێدم هەیە ئەگەر بتوانم بەمشـێوەی ئێسـتا بەردەوام بم لە وەرزشـكردن ئەنجامی بەرچاو بەدەسـت بهێنم بگەمەریـزی هەڵبژاردەی عێراق.

***وەرزش ڕێگریت لێ ناكات لە خوێندنت ومامۆستاكان هاوكاریت دەكەن؟**

-دەمەوێ لێرەوە سوپاسی بەڕێوەبەری قوتابخانەكەم بكەم لە شاری كۆیە كە هەمیشە پاڵپشت وهاوكاری بەردەوامم دەكات، لە كاتی خوێندن زۆر هاوكارمە بەڕێوەبەری پـەروەردەی كۆیە، هەوڵیشـم داوە كاتەكانی خۆم بۆ وەرزش و خوێندن تەرخان بكەم بەجیا.

***لە كۆتایدا ئەگەر شتێكت ماوە؟**

_تەنیا سوپاسـی گۆڤاری گـوڵان دەكەم،بەهیوای ئەوەشـم بەردەوام بێت لـە خزمەتكردنی ئافرەتی وەرزشـكارو ئێـوە بەردەوام هـاوكاری كچانی وەرزشكاردەكەن بەبەردەوام.



# پاڵەوانێتیی تایکواندۆی یانەکانی کەرکوک بەڕێوەچوو

وەکو بەرنامەی ساڵانە و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی تایکواندۆ لە شاری کەرکوك و دەوروبەری و خزمەتکردنی یارییەکە و خۆئامادەکردنی یانەکانیش بۆپاڵەوانێتیەکانی داهاتوو، یەکێتیی تایکواندۆی کەرکوك بۆماوەی دووڕۆژ لە هۆڵی یانەی خاك، پاڵەوانێتیی تایکواندۆی یانەکانی کەرکوکی ئەنجامدا، کە هەریەك لە یانەکانی (خاك، سۆلاڤی نوێ، موسەلا، لەیلان، سۆلاڤ، ئاڵتون کۆپری، کەرکوك، سەورە )، لە هەردوو ئاستی تازەپێگەیشتووان و پێشکەوتووان بەشداری پاڵەوانێتییەکەیان کرد لە کێشە جیاوازەکاندا، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوەبوو.

ئاستی تازە پێگەیشتووان
١-یانەی سۆلاڤ
٢-یانەی موسەلا
٣-یانەی خاك

ئاستی پێشکەوتوان
١-یانەی سەورە
٢-یانەی سۆلاڤی نوێ
٣-یانەی موسەلا



# کچانی هەولێر و دهۆک کۆنترۆڵی تێنسی سەرزەوی یاریزانانی عێراقیان کرد

بەسەر پەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی تێنسی سەرزەوی عێراقی و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییەکە، بۆماوەی دووڕۆژ پاڵەوانێتیی یاریزانانی بژاردەی عێراقی بۆ تێنسی سەرزەوی لە شاری دهۆك لەسەر یاریگای یانەکە بۆکچانی هەردوو ئاستی خوار تەمەن ١٢و ١٦ساڵ بەڕێوەچوو، لە هەر ئاستێکدا شەش یاریزان بەشداربوون، یاریزانانی بەشداربووش بە شێوازی خول ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، کە سەرجەمیان ١٦یاریزان بوون ئاستێکی بەرزی یاریی تێنسی سەرزەوییان پێشکەش کرد، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەیە بوو.

ئاستی تەمەن ١٢ساڵ
١-فەرەح ئەیاد-هەولێر
٢-جەنان ناسر-هەولێر
٣-سارە ئاڤدەل-دهۆك

ئاستی تەمەن ١٦ساڵ
١-ڕەند خەلیل-دهۆك
٢-لانە رۆستەم-هەولێر
٣-نور ماجد- دیالە


# یانەی زاخۆ ڕاهێنەری خولی کوردستانی دەگۆڕێت


دوای ئەوەی یانەی زاخۆ ئەمساڵ لە خولی تۆپی پێی یانە نایابەکانی کوردستان بەشداری کردو، ئومێدی ئەوەی هەبوو بەتەواوی یاریزانانی کورد بتوانێت ئاستێکی شایستە لە یارییەکانی خولەکە پێشکەش بکات، بەڵام لە هەفتەی چوارەمی خولەکە لەسەر یاریگای زێرەڤانی لە شاری دهۆك تووشی دۆڕانێکی قورس هات بەرامبەر یانەی بروسك بە ئەنجامی (٤-٠) گۆڵ، لە چوار یاری ڕابردووشدا تەنیا دووخاڵیان بەدەستهێنا، هەربۆیە دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە کە پێك هاتبوو لە هەریەك لە (مەناف شێخۆ ڕاهێنەری یانە وموهەند حەسەن یاریدەدەر ومحەمەد ڕەشۆی ڕاهێنەری گۆڵچی )دەستیان لەکارکێشایەوە، دواتریش دەستەی کارگێڕی دەست لەکارکێشانەوەکەی قبوڵ کرد، لەم بارەشەوە عەبدولوەهاب محەمەدسەرۆکی یانەی زاخۆ بەگۆڤاری گوڵانی گوت «ئەوان بەهۆی ئەنجامی خراپەوە دەستیان لەکارکێشایەوە ئێمەش دوای کۆبوونەوەمان لە دەستەی کارگێڕی ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەمان قبوڵ کردو لە شوێنی ئەوانیش بەشێوەیەکی کاتی هەریەك لە ئەمین یونس و ڕەزوان ناجی کە هەردووکیان کوڕی یانەی زاخۆن لە شوێنی ئەوان دەست بەکار بوون، جارێك چاوەڕێ دەکەین بزانین لەگەڵ ڕاهێنەرێکی بەتوانا ڕێك بکەوین بۆخولی کوردستان.




یاریگەی سانتیاگۆ


یاریگەی وێمبلی




یاریگەی ئۆلترافۆرد


یاریگەی جۆزیبی میاتزە


یاریگەی یوڤانتس ئەرینا



# باشترین ١٠ یاریگەی جیهان بـ

لە بواری تۆپی پێدا چەندین یاریگەی گەورە و بەناوبانگ هەیە، بەڵام بە پێی پۆلینێك باشترین دە یاریگەی جیهان دەستنیشان کرا، کە تێیدا گشت تایبەتمەندییەکانی حەوانەوەی هاندەر و یاریزانان و رۆژنامەنووسان بە دی دەکرێت، کە بەم شێوەی خوارەوەیە.

١-یاریگەی کامب نۆ واتە (یاریگایەکی نوێ) ئەمە یاریگەی یانەی بەرشلۆنەیە جێگەی (٩٩,٣٥٤) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٢- یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ یاریگەی یانەی ریال مەدرید شوێنی (٨٠) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٣-یاریگەی وێمبلی ئەم یاریگەیە لە ناوەڕاستی شاری لەندەن و تەنیا یارییەکانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە و یارییەکانی جامی ئینگلتەرە و کارلینگ کاپ لە قۆناغی پێش کۆتایی تیاییدا ئەنجام دەدرێت و شوێنی (٩٠) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٤-یاریگەی ئەلیانز ئەرینا یاریگەی هەردوو یانەی بایرن میونیخ و میونیخ ١٨٦٠، ئەمە یەکەم یاریگایە لەسەر ئاستی جیهان، کە رەنگی یاریگا لەگەڵ جۆری یارییەکان دەگۆردرێت، ئەگەر رەنگی یاریگە سوور بووە ئەوە هێمای بوونی یارییەکانی یانەی بایرن میونیخ و ئەگەر رەنگی یاریگا بووە شین ئەوە هێمای بوونی یارییەکانی یانەی میونیخ ١٨٦٠ە و ئەگەر رەنگی یاریگا سپی بوو ئەوە هێمای بوونی یارییەکانی هەڵبژاردەیە ئەڵمانیە، ئەم یاریگایە شوێنی (٦٩) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٥-یاریگەی ماراکانە ئەم یاریگەیە دەکەوێتە شاری ریودیۆجانیرۆی بەرازیلی و لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ یارییەکانی جامی جیهانی دروست کرا و شوێنی (٩٠) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٦-یاریگەی ئۆلترافۆرد یاریگەی یانەی مانچستەر یۆنایتد ئەم یاریگەیە دووەمین گەورەترین یاریگەیە لە ئینگلتەرە لە رووی دابینکردنی شوێنی



یاریگای کامب نۆ




یاریگەی ئەلیانز ئەرینا



یاریگەی ماراکانە



یاریگەی ئەنفلید روود



یاریگەی ئەلمۆنیمۆنتاڵ

## ـناسە

هاندەران دوای یاریگەی ویمبلی، ئەم یاریگەی شوێنی (٦٧,٢١٢) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٧- یاریگەی جۆزیبی میاتزە یان یاریگەی سان سیرۆ یاریگەی هەردوو یانەی ئەنتەر میلان و ئەی سی میلان ئەم یاریگایە شوێنی (٨٥,٥٠٠) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٨-یاریگەی یۆڤانتس ئەرینا ئەم یاریگایە لە ساڵی ٢٠١١ دروست کراوە و یاریگەی یانەی یۆڤانتس-ە و شوێنی (٤١) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

٩-یاریگەی ئەنفلید روود یاریگەی یانەی لیڤەرپوول ئەم یاریگەیە لە ساڵی ١٨٨٤ دامەزراوە و شوێنی (٤٥,٣٦٢) هەزار هاندەر دەبێتەوە.

١٠-یاریگەی ئەلمۆنیمۆنتاڵ یاریگەی سەرەکی یارییەکانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یاریگەی یانەی ریڤەرپلیت و شوێنی (٦٥,٦٤٥) هەزار هاندەر دەبێتەوە.





# شکاندنی ژمارەی پێوانەیی
# میسی لە مولەر نزیک دەکاتەوە

دیاردەی تۆپی پێ یاخود ئەفسانە یاخود جادووگەر لیونێل میسی ئەرژەنتینی بەردەوامە لە شـــکاندنی ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی جیهان و ئەوروپا، ئەم یاریزانە لە هەفتەی رابردوو لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی سپارتاك مۆسکۆی رووسیدا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دوو گۆڵی تۆمار کرد و توانی چەند ژمارەیەکی پێوانەیی بشکێنێت، کە بەمشێوەیە.

-لیونێل میسی تا ئێســـتا (٥٦) گۆڵی لە مێژووی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا تۆمار کردووە و توانی بگاتە پلەی دووەم شانبەشـــانی یاریزانـــی هۆڵەندی رۆد ڤان نیســـتلروی و لە پلـــەی یەکەمی ریزبەندی گۆڵکارانی خولـــی یانە پاڵەوانەکانـــی ئەوروپا یاریزانی ئیســـپانی رائول گۆنزالیس دێت بە تۆمارکردنی (٧١) گۆڵ.

- یەکێك لە ژمارە ســـەیرەکانی میسی، کە توانی تۆماری بکات لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ســـەردانی هەر وڵاتێکی کردبێت لەگەڵ بەرشلۆنە ئەوە گۆڵی لێ تۆمارکردووە.

- لیونێل میســـی توانی ژمارەیەکی دیکە تۆمار بکات شانبەشانی یاریزانی ئیســـپانی رائول گۆنزالیس، کاتێك توانی گۆڵ لە ١٩ شاری جیاواز بکات، کە لەگەڵ یانەی بەرشـــلۆنە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ســـەردانی کردووە.

- لیونێل میسی ٧٣ یاری لەگەڵ بەرشلۆنە کردووە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا (٥٦) گۆڵی تۆمارکردووە و (١٧) گۆڵی درووست کردووە.

- لیونێل میســـی بۆ یەکەم جار توانی لە یاریی یانەکەی بەرامبەر سپارتاك مۆســـکۆی رووســـی دوو گۆڵ تۆمار بکات بە هەردوو قاچی راســـتە و چەپە.

- میسی نزیکە لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی ئەستێرەی تۆپی پێی ئەڵمانی گێـــرد مولەر، تەنیا پێویســـتی بە ٥ گۆڵ هەیە، گێرد مۆلەر لە ســـاڵی (١٩٧٢) توانی لە گشت پاڵەوانیتیەکان (٨٥) گۆڵ تۆمار بکات، بەڵام لەم ســـاڵە خەڵاتی تۆپی زێرین بەخشرایە یاریزان فرانز پیکنپاوەر.

- میسی ژمارەیەکی دیکەی پێوانەی شکاند کاتێك توانی دوو گۆڵ لە ســـپارتاك مۆســـکۆ تۆمار بکات، بەمەش بووە یەکەمین یاریزان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بتوانێـــت ١٥ جـــار دوو گۆڵ لـــە یەك یاری تۆمار بکات، ئەم ژمارەیە پێشتر بەناوی یاریزانی ئیســـپانی رائوول گۆنزالیس بوو، کە توانی (١٤) دوو گۆڵ لە یارییەك تۆمار بکات.



## هینری گەڕایەوە ئەرسناڵ


دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی ئەمەریکا یاریزانی فەرەنسی تێری هینری گەڕایەوە ئینگلتەرە و بەفەرمی دەستی بە مەشقەکانی کرد لەگەڵ یانەی ئەرسناڵ بۆ پاراستنی لێهاتووی جەستەیی.
لە لێدوانێکیدا ئەرسن فینگەر ڕاهێنەری یانەی ئەرسناڵ گوتی: هەوڵ دەدەین لە مانگی یەك بەفەرمی بەشێوەی خواستن گرێبەست لەگەڵ یاریزان تێری هینری مۆربکەین بۆ ئەوەی سوود لە ئاستی ئەم یاریزانە وەربگرین.
هینری تەمەن ٣٥ ساڵ گۆڵکاری مێژووی یانەی ئەرسناڵ بە تۆمارکردنی (٢٢٨) گۆڵ لە وەرزی ڕابردوو بەشێوەی خواستن گەڕایەوە یانەی ئەرسنال توانی گۆڵی سەرکەوتن لە یانەی لیدز یۆنایتد تۆمار بکات لە جامی ئینگلتەرە و گۆڵی سەرکەوتن لە یانەی سندرلاند تۆمار بکات لە خولی پلە نایابەکانی ئینگلتەرە.
لە درێژەی قسەکانیدا ئەرسین فینگەر گوتی: بەهۆی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا یاریزان جرفینهۆ و مەروان شەماخ بەشداری لەم پاڵەوانێتییە دەکەن و ئێمە تووشی کێشە دەبێن لە هێڵی هێرشبەر بۆیە پێویستە گرێبەست لەگەڵ تێری هێنری مۆربکەین بەشێوەی خواستن و لە وەرزی ڕابردوو سوودم لەم یاریزانە وەرگرتووە.
لە کۆتاییدا گوتی: هینری یەکێکە لەو یاریزانانە، کە لە نێو یاریگە ڕۆڵی ڕاهێنەر دەبینێت و هەروەها ئامۆژگاری یاریزانان دەکات لە نێو یاریگا ئەمەش شتێکی گرنگە بۆ ئێمە.





## ریدناب لە مەشقی هەڵبژاردەی ئۆکرانیا ن

یەکێتیی تۆپی پێی ئۆکرانیا بەفەرمی ڕایگەیاند، کە گفتوگۆیان لەگەڵ نوێنەری ڕاهێنەری ئینگلیزی هاری ریدناب دەست پێکردووە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆکرانیا.
دوای ئەوەی ئەناتۆلی کۆنکۆف سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئۆکرانیا هەفتەی ڕابردوو داوای لە یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئۆکرانیا و یانەکانی دینامەکییف و ئەی سی میلان و چێلسی شفشینکۆ کرد ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئۆکرانیا، بەڵام شفشینکۆ ئەم داواییەی ڕەتکردەوە بەهۆی ئامادەنەبوونی بۆ وەرگرتنی ئەم



## مۆرینهۆ ١٠٠ یاری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەنجامدا

ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید، لە هەفتەی ڕابردوو بووە بچووکترین ڕاهێنەر لە مێژووی پاڵەوانێتیی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کاتێك ١٠٠ یاری وەکو ڕاهێنەر لەگەڵ یانەکانی پۆرتۆ و چێڵسی و ئەنتەر میلان و ریال مەدرید بەڕێوەبردووە، کاتێك یانەکەی ڕووبەڕووی یانەی مانچستەر سیتی بۆوە.
یەکەم یاریی مۆرینهۆ وەکو ڕاهێنەر لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە ساڵی (٢٠٠٢) بوو کاتێك ڕاهێنەری یانەی پۆرتۆ-ی پورتوگاڵی بووە ڕووبەڕووی یانەی ریال مەدرید بووە لە یاریگەی سانتیاگۆ برنابیۆ.
سەبارەت بەم ژمارەیە مۆرینهۆ دەڵێت: خۆشترین ساتەکانی من، کاتێك توانیم دوو جار نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠١٠ لەگەڵ هەردوو یانەی پۆرتۆ و ئەنتەر میلان بە دەستبهێنم.
لە درێژەی قسەکانیدا مۆرینهۆ گوتی: بەڵام ناخۆشترین ساتەکانی من لەم پاڵەوانێتییە چوونە دەرەوەی هەردوو یانەی چێڵسی و ریال مەدرید بوو لە قۆناغی پێش کۆتایی لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠١١ بوو کاتێك ماڵئاواییمان لەم پاڵەوانێتییە کرد لەسەر دەستی هەردوو یانەی لیڤەرپوول و بایرەن میونیخ بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا.

## شۆماخر بەیەکجاری ماڵئاوای

دوای ئەوەی ئەفسانەی پێشبرکێی فۆرمیلا ون شۆفێری ئەڵمانی مایکل شۆماخر لە ساڵی ٢٠٠٦ بڕیاری ماڵئاوایی لە جیهانی فۆرمیلا ون کرد، ئەو کات ئەم شۆفێرە یەکێك لە باشترین شۆفێرەکانی جیهان و خاوەنی چەند ژمارەی پێوانەیی بوو لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام بەشێوەیەکی سەیر گەڕایەوە ڕکابەرییەکانی ئەم پێشبڕکێیە لەگەڵ تیپێکی دیکە، بەڵام مایکڵ شۆماخری تەمەن (٤٣) ساڵ هیچ ئەنجامێکی




# ئایا کاکا دەچێتە خولی ئەمەریکا

دوای ئەوەی ئەستێرەی تۆپی پێی ئینگلیزی دێڤید بێکهام بەفەرمی بڕیاری دا گرێبەستی لەگەڵ یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمەریکی نوێ نەکاتەوە دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٥ وەرز لەم یانەیە یاری کرد.

سەرۆك و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ئەم یانەیە هەوڵ دەدەن گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەیەکی دیکەی تۆپی پێی جیهانی مۆربکەن بۆ ئەوەی شوێنی بێکهام بگرێتەوە، بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ یانەی لۆس ئەنجلۆس هەوڵ دەدات گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەی بەرازیل و یانەی ریال مەدرید کاکا مۆربکات، دوای ئەوەی یاریزانی ناوبراو لە چەند لێدوانێکی رابرووددیا تەئکیدی لەوە کردووە، کە ئامادەیە لە خولی ئەمەریکا یاری بکات، ئەگەر گرێبەستێکی گونجاوی پێشکەش بکرێت.

لە سەرەتای ئەم وەرزەدا مۆرینهۆ بەفەرمی رایگەیاند، کە پشت بە کاکا نابەستێت و یانەکە هەوڵی فرۆشتنی کاکای دا، بەڵام هیچ گرێبەستێکی گونجاو بۆ یاریزان و یانەکە نەهات، بەڵام چاوەڕوان دەکرێت لە گواستنەوەی زستانە ئەم یاریزانە یانەی شاهانە جێبهێڵێت روو لە خولی ئەمەریکا بکات.




## ـــــــزیکه

پۆستە، دوای بڕیاری شفشینکۆ یەکێتیی تۆپی پێی ئۆکرانیا راستەوخۆ بڕیاریان دا لەگەڵ راهێنەر هاری ریدناب دەست بە گفتوگۆ بکەن.

هاری ریدناب پاڵێوراوێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرە بڕیاری دەستنیشان کردنی رۆلی هۆدجسۆن-ی دا و هەروەها هاری ریدناب لە ساڵی ٢٠٠٨ بووە راهێنەری یانەی تۆتنهام توانی چەندین ئەنجامی باش لەگەڵ یانەکەی بە دەستبهێنێت و لەم وەرزدا هاری ریدناب یانەکەی جێهێشت.

## ـــــــی لە جیهانی فۆرملا ون کرد

باشی بە دەستنەهێنا بۆیە بڕیاری دا بەیەکجاری ماڵئاوایی لە جیهانی فۆرمیلا ون بکات و لەم بڕیارەی جارێکی دیکە پاشگەز نابێتەوە.

جێگەی باسە مایکل شۆماخر ٧ جار نازناوی پاڵەوانێتیی جیهانی لە پێشبرکێی فۆرمێلا ون بە دەستهێناوە ئەمەش ژمارەی پێوانەییە و زۆربەی دەستکەوتە گرنگەکانی لەگەڵ تیپی فیراری بە دەستهێناوە.

